تەریقەتی نەقشبەندی

بنەماو نامانجەکان

بەرگی دووەم

عەبدولڕەحمان بیلاف بەرزنجی





Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
کوردستان ت. «٢٢٦٠٣١١»
e.mail:mukriani@yahoo.com
www.mukriyani.org

■ کتێبی ژمارە: «٨٠»
■ کتێب: تەریقەتی نەقشبەندی - بنەماو نامانجەکان
■ نووسەر: عەبدولڕەحمان شێخ سەلاحەدین شێخ سلێمان بەرزنجی بێلاف
■ دەرهێنانی هونەری ناوەوە: عوسمان پیرداود
■ بەرگ : قاسم قادر
■ بەرگی دووەم
■ چاپی یەکەم: هەولێر - ٢٠٠٢
■ ژمارەی سپاردن «٧٥»ی ساڵی ٢٠٠٢ دراوەتێ.
■ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

لەپێناو دیوانی نەقشبەندییەکان

لەم رووەوە

زۆر کەم بەرچاومان دەکەوێت کە لە سۆفیگەری یاخود تەریقەت کەسێ بدۆزینەوە شیعری نەهۆنیبێتەوە، لەبەر ئەوەی کە بەرهەمی سۆفییەکان و بگرە لەم زووانەشدا، زۆربەی سۆفییە گەورەکان و کەڵە پیاوانی تەریقەت شیعریان هۆنیوەتەوە، لێرەدا دەبێت لەم بابەتەوە هەڵوێستەیەک بکەین، چونکە باسکردنی شیعرو سۆفیگەری جیهانێکی گەلێ فرەوانە، نەخاسمە هێشتا بەرهەمە سۆفیگەرییەکان گەلێ زۆرن و دۆزینەوەیان رۆژبەڕۆژ شتی نوێ ئاشکرا دەکاو هەروەها مۆزەخانەو کتێبخانەکانی دونیا پڕیەتی لەبەرهەمی ئەوان.

لەم رووەوە بەچاکمان زانی تیشکێ بخەینە سەر بابەتی کە پەیوەندی بە شیعرەوە هەیە لەلایەن تەریقەتی نەقشبەندی، جێگەی گومان نییە، نەقشبەندییەکان وەک چەندان لە لێکۆڵەرەکان ئاماژەیان پێداوە، کە زۆربەیان بەرهەمیان نووسیووەو لەنووسین بەبڕشتن جا ئەمە وەنەبێ هەر تەنها بەتەریقەتەوە پابەندبێ، بگرە نووسینەکانیان گەلێ مەسەلەی گرنگیان و رووژاندووەو توانیویانە بەقوولّی خزمەتی پەیامی پیرۆزی ئیسلام بکەن، گەر سەرنج بدەین گەلێ لەم بەرهەمە زۆرەی نووسیویانە بەشێکی شیعر دەگرێتەوە، کە بابەتەکە سەرەتا لە کرۆکی ئاینییەوە سەرچاوەی گرتووە، وەنەبێ بۆخۆیان

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بەر لەتەریقەت شاعیربووبن یا نەوەتا حاڵەتی وادەبێ کە شاعیر بووبن، کە ئەمەش ئاساییە، بەڵام خودی تەریقەت گەلێ بەهرەو زیندەگی پێ دەبەخشێ، ڕوونە کە هەن لەتەریقەتەوە شاعیری گەورەیان لێ هەڵکەوتووە، بەڵام ئەوەی زیاتر مەبەستی ئێمەیە ئەم شێوازانە نین، بەڵکو ئەو کەڵە پیاوانەی شیعریان هۆنیوەتەوەو دەچنە چوارچێوەی تەریقەتی نەقشبەندی و بەهۆیەوە پەرەیان پێداوە، جێگەی باسکردنن.

ئەگەر باس لەو سەرچاوانە بکەین کە شیعرو سۆفیگەریان بەیەکەوە گرێ داوە، ئەمە بۆخۆی باسێکی فرەوانەو زۆر هەڵدەگرێ، کە دەتوانین بڵێین تیایدا شاپرسیاردو زۆر زانیاری دیکەی لەئەنجامی لێوواردبوونەوە لێدەکەوێتەوە، چونکە لەمەود سەرچاوەی نەقشبەندییەکان دەست پێ دەکا، کە بەهۆی شیعردوە کرۆک و ناواخنی خۆیان گوزارشت لێکردووە، کە ئەگەر ئاماژێک بکەین، بێگومان نەک هەر تووشی هیلاکی زۆر دەبین بگرە لەگەڵ دەست نەکەوتنی گەلێ لەم بەرهەمانەو پێویستی ساغ کردنەوەیان، کاتێکی زۆرو لێوواردبوونەوەی زۆری دەوێ، کە گومان لەمەدا نییە هەر لەسەرەتای کامڵ بوونی تەریقەتی نەقشبەندی شیعر هۆکارێک و پێوەرێکی گرنگ بووە لە پێناو ئەم تەریقەتەداو دەتوانین بڵێین لەدەرئەنجامی هەوڵ و کۆشش و تێکۆشانی پیاوانی ئەم تەریقەتە ئەم بەرهەمە بۆوەتە گوتاری مانەوەیەکی بەهێز بۆ گوزارشت لێکردنی چەندەها کرۆک و ناواخن، لەمەوە لەیەکەم بەرهەم و دوابەرهەمیش کە هێشتا کۆتایی نەهاتووە شیعر بەردەوامەو ڕۆڵی خۆی لەدەست نەداوە.

لەم ڕووەوە لەپێناو دیوانی نەقشبەندییەکان، کە ناکرێ باس لەتەریقەتی نەقشبەندی بکرێ و ئەم لایەنە فەرامۆش بکرێ، بۆیە بەپێویستمان زانی ئەوە بۆخۆی لە داهاتوودا پرۆژەیەک بێ و هەمدیس وەک فەرهەنگێک لەپێناو

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

خودی تەریقەتی نەقشبەندی لێرەدا بێتە کایەوەو خۆی بخاتەروو، ئەم گرنگییەش هێزو روونکردنەوەو گەلێ بواری دیکەی تەریقەت دەردەخا، ئەگینا هەر لەم سەردێرە دەگەینە بەرهەمی بێ پایان، بەڵام هێندە گرنگە چ وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی لەم لایەنەوە، چ وەک ناوەرۆکی تەریقەت ڕاڤەیان بکەین، کە بێگومان پێویستە تیایدا سەرنج و هەندێ تێبینی بخەینە روو، ئەمەش بۆ ئەوەیە بزانین لەچ سەردەم و بۆ چ کرۆکێک هاتوونەتە ئاراوە کە تەنها ئاماژەکردن پێیانەوە خۆی لە چوارچێوەی گرنگیدا دەپارێزێ ئەگینا باسکردنی خودی ناوەرۆک و ساتەوەختی گوزارشت لێکردنیان بابەتێکی زۆر فرەوانە چەندەها کتێب و نامەو نووسین لەخۆدەگرێ، بەهۆی ئەمانەوە ئەم لایەنە وەک تەواوکەرێکی فەرهەنگی تەریقەتی نەقشبەندییەکان هاتە کایەوە. کە تیایدا وەک زنجیرەو مێژووی شیعرەکان و کتێبەکان لەبەرچاو گیراوەو ئەوەندەی کرابێ تیایدا سەرنج خراوەتە روو، تەنها وەک ئاماژەیەکی دەرەکی، لەپێناو دیوانی نەقشبەندییەکان.

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library